# دەرەنجامی ڕاپرسیی تایبەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان





# دەرەنجامی ڕاپرسیی تایبەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان





## پووختەی جێبەجێکار

ئەم ڕاپرسییە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئاستی بەشداریی و تێگەیشتن لە ڕەفتاری دەنگدەر لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا و لە ڕێگەی تیمێکی ڕاهێنراوەوە بە شێوەیەکی مەیدانیی فۆرمی ڕاپرسیی لەگەڵ هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستادا پڕ کراوەتەوە و سەرنجی ورد خراوەتە سەر چەند تەوەرێکی گرنگ؛ لەوانە: تێگەیشتنی دەنگدەر بۆ درووستبوونی گۆڕانکاریی لە پرۆسەی حکومڕانییدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، ئاستی بەشداریی و بنەماکانی بڕیاردانی دەنگدەر لە بەشدارییکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، کاریگەریی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و چەندان لایەنی دیکەی هەڵبژاردنەکە لە دیدی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە ڕوون کراونەتەوە.


هەولێر






سلێمانی





هەڵەبجە



# دهۆک

## چوارەم: بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای دهۆک

**ئاسایشی دهۆک ڕێگەی نەدا راپرسییەکە لە سنووری بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای دهۆکدا ئەنجامبدرێت.**



## پێشەکی

ئەم ڕاپرسییە لەلایەن دامەزراوەی (ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی) لە ئەیلولی (٢٠٢٤)، واتا پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، کە ئامانج لێی هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانە لە دیدی دەنگدەران و هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها تێگەیشتنە لە واقیع و سەنگی هێز و قەوارە ڕکابەرەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن و هاندانیانە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی تەندرووست و ئاشتییانە و دوور لە گرژیی وەک زۆرینەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان خوازیارین و لەئەنجامی توێژینەوەکەدا بە ڕوونیی دەرکەوتووە.

دامەزراوەی (ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی)، ناوەندێکی بەرهەمهێنانی توێژینەوە و پەیپەری تایبەتە بە پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات سەرنجی بڕیاربەدەستان ڕابکێشێت بۆ دروستکردنی بڕیاری گونجاو و پشتبەستوو بەدەرئەنجامی توێژینەوە لەپێناو باشتر خزمەتکردنی گشتییدا.

## زانیاریی گشتی:

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دوای دەرکردنی پێنج مەرسووم و دوو ساڵ دواکەوتن، دواجار بڕیاردرا لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠ ئەنجامبدرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵبژاردنی ئەمجارە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق، گۆڕانکاریی لە ژمارەی کورسیی و پشکی پێکهاتەکان و بازنەکانی هەڵبژاردندا کرا، بەجۆرێک ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ١١١ کورسییەوە کەم کرایەوە بۆ ١٠٠ کورسی و کوسی پێکهاتەکانیش لە ١١ کورسییەوە کەمکرایەوە بۆ ٥ کورسی، واتا ٩٥ کورسی گشتی و ٥ کورسی بۆ پێکهاتەکان دیاریکرا.

**هەرێمی کوردستان دابەشکرا بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا و کورسییەکانیش بەسەر بازنەکاندا دابەشکران بەم شێوەیەی خوارەوە:**

١. بازنەی هەڵبژاردنی هەولێر ٣٢ کورسیی گشتیی و یەک کورسیی پێکهاتەی مەسیحیی و یەک کورسیی پێکهاتەی تورکمان.

٢. بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانی ٣٦ سیوشەش کورسیی گشتیی و یەک کورسیی پێکهاتەی مەسیحیی و یەک کورسیی پێکهاتەی تورکمان.

٣. بازنەی هەڵبژاردنی هەڵەبجە سێ کورسیی گشتی.

٤. بازنەی هەڵبژاردنی دهۆک ٢٤ کورسیی گشتیی و یەک کورسیی پێکهاتەی مەسیحیی.

### □ میتۆدی ڕاپرسییەکە

ئەم ڕاپرسییە لە ئەیلولی ٢٠٢٤ لە سێ بازنەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، ئەو بازنانەی هەڵبژاردن کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدرا بریتییبوون لە بازنەکانی هەڵبژاردنی (پارێزگای هەولێر، پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام لە پارێزگای دهۆکدا ئاساییشی دهۆک ڕێگەی نەدا ڕاپرسییەکە ئەنجام بدرێت و بەبیانووی ئەوەی لە "بەرژەوەندییاندا نییە"؛ مۆڵەتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەی ڕەتکردەوە (بێئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات لەسەر هۆکاری ڕەتکردنەوەی). ڕاپرسییەکە بە شێوەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لە مەیداندا لەگەڵ ڕاپرسیپێکراواندا ئەنجام دراوە، بە گشتیی ٢٨٤٩ فۆرم پڕکراوەتەوە، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە بە نزیکەیی (٠.٠٠١) لە هەزاردا یەکی ژمارەی دەنگدەران (ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو ١٨ ساڵەوەیە).

**فۆرمەکان بەگوێرەی بەرکەوتەی دەنگدەر بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و دواتریش بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی سنووری هەربازنەیەک ڕێژەی فۆرمەکان دەستنیشان کراون:**

| بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی فۆرم |
|---|---|
| پارێزگای هەولێر | ١٣٠٦ |
| پارێزگای سلێمانی | ١٤٥٩ |
| پارێزگای هەڵەبجە | ٨٤ |
| پارێزگای دهۆک | **ئاسایشی دهۆک مۆڵەتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەی نەدا** |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ |

## بایۆگرافیای بەشداربووان

- بەشداربووان بە گوێرەی بازنەکانی هەڵبژاردن:

| بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی فۆڕم | ڕێژە |
|---|---|---|
| پارێزگای هەولێر | ١٣٠٦ | ٪٤٥.٨٤ |
| پارێزگای سلێمانی | ١٤٥٩ | ٪٥١.٣١ |
| پارێزگای هەڵەبجە | ٨٤ | ٪٢.٩٥ |
| پارێزگای دهۆک | ئاسایشی دهۆک مۆڵەتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەی نەدا | |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |

- جوگرافیای نیشتەجێبوون:

| جوگرافیای نیشتەجێبوون | ژمارەی فۆڕم | ڕێژە |
|---|---|---|
| شار | ١٨٠٠ | ٪٦٣ |
| شارۆچکە | ١٠٣٣ | ٪٣٦ |
| گوند | ١٦ | ٪١ |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |

- ڕەگەزی بەشداربووان:

| ڕەگەزی بەشداربووان | ژمارەی فۆڕم | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | ٢٢١٠ | ٪٧٨ |
| مێ | ٦٣٩ | ٪٢٢ |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |

- گرووپی تەمەن:

| گرووپی تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ | ٧٣٧ | ٪٢٨ |
| ٢٦ بۆ ٣٥ ساڵ | ٨٤١ | ٪٣٠ |
| ٣٦ بۆ ٤٥ ساڵ | ٦٠٩ | ٪٢١ |
| ٤٦ بۆ ٥٥ ساڵ | ٣٧٢ | ٪١٣ |
| ٥٦ بۆ ٦٥ ساڵ | ٢١٢ | ٪٧ |
| سەروو ٦٦ ساڵ | ٧٨ | ٪٣ |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |

- ئاستی خوێندن:

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| خوێندەوارییم نییە | ٢٢٣ | ٪٨ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ١١٢ | ٪٤ |
| سەرەتایی | ٣٦٧ | ٪١٣ |
| ناوەندیی | ٥٧٥ | ٪٢٠ |
| ئامادەیی | ٥٧٣ | ٪٢٠ |
| پەیمانگە | ٤٢٤ | ٪١٥ |
| زانکۆ | ٥٢١ | ٪١٨ |
| ماستەر | ٤٣ | ٪١.٥ |
| دکتۆرا | ١١ | ٪٠.٥ |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |

- پیشە:


| جۆری پیشە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بێکار | ٤٣٦ | ٪١٥ |
| کاسب | ١٥٩٤ | ٪٥٦ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتیی | ٣٦٦ | ٪١٣ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ١٩٣ | ٪٧ |
| خانەنشین | ٩٦ | ٪٣ |
| هیتر | ١٦٥ | ٪٦ |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |

- ئاستی بژێویی:

| ئاستی بژێویی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆرباش | ١٥٣ | ٪٥ |
| باش | ١٠٧٧ | ٪٣٨ |
| مامناوەند | ١٢٤٨ | ٪٤٤ |
| خراپ | ٢٦٨ | ٪٩ |
| زۆرخراپ | ٩٦ | ٪٣ |
| بێوەڵام | ٨ | ٪٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٨٤٩ | ٪١٠٠ |


# بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێر

بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، سنووری پارێزگای هەولێر وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن دەستنیشان کرا و ٣٤ کورسیی پەرلەمانی بۆ تەرخان کرا، کە دووانیان بۆ پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحیین و ٣٢ کورسییان کورسیی گشتیین، واتا ئەو بەربژێر و لایەنە سیاسییانەی لەو سنوورەدا کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن هەوڵی بردنەوەی کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەی هەڵبژاردنە دەدەن.



**ژمارەی دەنگدەری بایۆمیتری: ١٠٢٢٩٠٦.**
**ژمارەی گشتی دەنگدەران ئەوانەی تەمەنیان سەروو ١٨ ساڵە: ١٣٦٦٤٦٢**
**ڕێژەی دەنگدەری بایۆمیتری: ٧٤,٨٥٪.**
**ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر: ٢٠٩٧٢٠٥.**

**بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە لە سنووری بازنەی هەڵبژاردنی هەولێردا ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**




- ڕێژەی بەشداریی:

| بژاردە | ڕێژە |
|---|---|
| بەشداریی دەکەم | ٪٦٥ |
| بڕیار نەداوە | ٪٨ |
| نەخێر | ٪٢٧ |

- **ئەنجامی بەدەستهاتوو بۆ لایەنە سیاسییەکان:**

ئەنجامی بەدەستهاتووی ڕاپرسییەکە بۆ کۆی دەنگی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێردا وەک لە خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت ٥٧٪ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان دەکەن تەواو بڕیاریان داوە کە دەنگ بە لایەنە سیاسییەکان دەدەن و ٣٩,٤١٪ دەنگی خۆڵەمێشیین و بڕیاریان نەداوە دەنگ بە چ لایەنێکی سیاسیی دەدەن و ٣,٥٩٪ دەنگ بە هیچ لایەنێک نادەن و ئەگەری دەنگی پووچەڵ یان دەنگی سپی دەبێت.

- **دابەشکاریی فۆرم:**

لە سنووری پارێزگای هەولێر **١٣٠٦** فۆرمی ڕاپرسی پڕ کراوەتەوە دابەشکاریی فۆرمەکان بەسەر ناوچەکانی ڕاپرسییەکەدا بەم شێوەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

**پارێزگای هەولێر**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی فۆرم |
|---|---|---|
| هەولێر | ناوەند | ٦٤٦ |
| | بەحرکە | ٣٦ |
| | عەینکاوا | ٣٧ |
| دەشتی هەولێر | کەسنەزان | ٣٥ |
| | دارەتوو | ٣٩ |
| | قوشتەپە | ٣١ |
| چۆمان | ناوەند | ١١ |
| | حاجی ئۆمەران | ٢ |
| | سمیلان | ٥ |
| | قەسرێ | ٥ |
| | گەڵاڵە | ٢ |
| خەبات | ناوەند | ٣٠ |
| | ڕزگاری | ٣٤ |
| | کەورگۆسک | ٣ |
| ڕواندوز | ناوەند | ١٦ |
| | وەرتێ | ٢ |

| | | |
|---|---|---|
| سۆران | ناوەند | ٤٦ |
| | خەلیفان | ٣٣ |
| | دیانا | ٥٣ |
| | سیدەکان | ١٣ |
| شەقلاوا | ناوەند | ٢٠ |
| | باسرمە | ١٣ |
| | بالیسان | ٦ |
| | سەلاحەدین | ٣١ |
| | هەریر | ٢٥ |
| | هیران | ٣ |
| کۆیە | ناوەند | ٥٩ |
| | تەقتەق | ١٧ |
| مێرگەسوور | ناوەند | ٧ |
| | بیران | ٩ |
| | شێروان مەزن | ٢ |
| | کورتوو | ٢ |
| | مەزنی | ٣ |
| | بارزان | ١٥ |
| **کۆی گشتی** | ١٣٠٦ | |

- **بایۆگرافیای بەشداربووان:**

**ڕێژەی بەشداربووان لەسەر ئاستی جوگرافیای نیشتەجێبوون:**

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دابەشبوون بەسەر دوو ئاستی نیشتەجێبووندا کە پێکهاتوون لە دانیشتووانی ناوەندی شارەکان و شارۆچکەکان و ئەنجامی

ڕاپرسییەکە بەگشتی لە بازنەی هەڵبژاردنی هەولێردا ئەوە دەردەخات کە ژمارەی بەشداربووان لە ناوەندی شارەکاندا بریتیبوون لە (٨٠٨) کە دەکاتە ڕێژەی (٦٢٪) و لە شارۆچکەکان (٤٩٠) بەشداربوو بە ڕێژەی (٣٧٪) و گوندنشینیش (٨) بە ڕێژەی (١٪).

**ڕوونکردنەوەی جوگرافیای نیشتەجێبوون (هەولێر)**

| جوگرافیای نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| شار | ٨٠٨ | ٦٢٪ |
| شارۆچکە | ٤٩٠ | ٣٧٪ |
| گوند | ٨ | ١٪ |

- **ڕەگەزی بەشداربووان:**

لە بازنەی هەڵبژاردنی هەولێردا بۆ پەرلەمانی کوردستان ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی نێر بریتیبوون لە (١١٥٥) بەشداربوو کە دەکاتە ڕێژەی (٨٨٪) و هەروەها ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی مێ بریتیبوو لە (١٥١) کە دەکاتە ڕێژەی (١٢٪)ی ڕاپرسییەکە.

**دابەشکاریی بەشداربووان لەسەر بنەمای ڕەگەز (هەولێر)**

| ڕەگەز | ڕێژە |
|---|---|
| نێر | ٨٨٪ |
| مێ | ١٢٪ کەمیی ڕێژەی مێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سنووری پارێزگای هەولێر کەمتر هاوڵاتییان لە ڕەگەزی مێ ئامادەبوون کە فۆرمی ڕاپرسییەکە لەگەڵ تیمەکانماندا پڕ بکەنەوە. |

- **تەمەن:**

تەمەنی بەشداربووان بەسەر چەند گرووپێکی جیاوازدا دابەش کراوە و بەگشتیی لە بازنەی هەڵبژاردنی هەولێردا بەم شێوەیە بووە کە لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە:

**ڕوونکردنەوەی گرووپی تەمەنی بەشداربووان (هەولێر)**

| گرووپی تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ | ٤٠٢ | ٪٣١ |
| ٢٦ بۆ ٣٥ ساڵ | ٤١٥ | ٪٣٢ |
| ٣٦ بۆ ٤٥ ساڵ | ٣٦٧ | ٪٣٠ |
| ٤٦ بۆ ٥٥ ساڵ | ١٣٢ | ٪١٠ |
| ٥٦ بۆ ٦٥ ساڵ | ٦٥ | ٪٥ |
| سەروو ٦٦ ساڵ | ٢٥ | ٪٢ |

- **ئاستی خوێندن:**

ئاستی خوێندنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لەبازنەی هەڵبژارنی پارێزگای هەولێردا بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا پۆلێن کراون وەک لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە:

**ڕوونکردنەوەی بەشداربووان بەگوێرەی ئاستی خوێندن (هەولێر)**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خوێنەدەوارییم نییە | ١٠٣ | ٪٨ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ٤٦ | ٪٣ |
| سەرەتایی | ١٣٩ | ٪١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ناوەندیی | ٢٩٠ | ٢٢٪ |
| ئامادەیی | ٣٦٧ | ٣٠٪ |
| پەیمانگە | ٢٠٠ | ١٥٪ |
| زانکۆ | ٢٣٦ | ١٨٪ |
| ماستەر | ١٩ | ٢٪ |
| دکتۆرا | ٦ | ١٪ |

- **پیشە:**

بەهەمانشێوە؛ بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بەسەر کار و پیشەی جۆراوجۆردا دابەش بوون، بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە ٦٦٪ی بەشداربووان کاسب بوون و ٨٪یان بێکارن و هەروەها ٩٪ فەرمانبەری کەرتی گشتیی بوون، بەم شێوەیەی خوارەوە کە لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە.

**ڕوونکردنەوەی پیشەی بەشداربووان (هەولێر)**

| جۆری پیشە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بێکار | ١٠٢ | ٨٪ |
| کاسب | ٨٥٦ | ٦٦٪ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتیی | ١١٧ | ٩٪ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٩٦ | ٧٪ |
| خانەنشین | ٤٠ | ٣٪ |
| هیتر | ٩٥ | ٧٪ |

- **ئاستی بژێویی:**

بەهەمانشێوە باری بژێویی بەشداربووان بەگشتیی لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگای هەولێر پۆلێن کراون بۆ چەند ئاستێک، **٤٢٪**ی بەشداربووان باری بژێوییان مامناوەندە و لە خشتەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

**ڕوونکردنەوەی ئاستی بژێویی بەشداربووان (هەولێر)**

| ئاستی بژێویی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٧٥ | ٪٦ |
| باش | ٥٦١ | ٪٤٣ |
| مامناوەند | ٥٥٧ | ٪٤٢ |
| خراپ | ٧٤ | ٪٦ |
| زۆرخراپ | ٣١ | ٪٢ |
| بێوەڵام | ٨ | ٪١ |

- **تەوەرەکانی ڕاپرسییەکە:**

**یەکەم: هەڵبژاردن و پرۆسەی گۆڕانکاریی لە ئەدای حکومڕانییدا:**

دروستبوونی گۆڕانکاریی لە ئەدای حکومڕانییدا لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە یەکێک بوو لەو پرسیارانەی ئاراستەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کرا و **٤٧٪** بەشداربووان دەڵێن بەڵێ هەڵبژاردن دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاریی لە ئەدای حکومڕانییدا، هەروەها **٩٪**ی بەشداربووان دەڵێن تاڕادەیەک گۆڕانکاریی دروست دەکات، واتا بە کۆی گشتی **٥٦٪**ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاریی، بەڵام **٣٧٪**ی

بەشداربووان دەڵێن نەخێر هەڵبژاردن گۆڕانکاریی دروووست ناکات و ٧٪یشیان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

هەر سەبارەت بە تێگەیشتن لە بیروڕای بەشداربووان لە پەیوەند بە درووستبوونی گۆڕانکاریی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، ٣٧٪ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دوای هەڵبژاردنەکان ژیانی هاوڵاتییان باشتر بووە، بەڵام ٥٢٪ی بەشداربووان هاوڕا نیین و ١١٪یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

پەیوەست بە تێگەیشتن لە گۆڕانکاریی لە ژیانی هاوڵاتییاندا، لە ٤٨٪ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دوای هەڵبژاردن ژیانی هاوڵاتییان خراپتر بووە، و ٣٧٪ی بەشداربووانیش هاوڕا نیین و ١٥٪یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان؛ سەرنجی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لەسەر ئەم پرسیارە وەرگیراوە کە (تا چەند هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان جیاوازە و گۆڕانکاریی بە شێوەیەکی ئەرێنیی لە ئەدای حکوومەتدا درووست دەکات، ٥٥٪ی بەشداربووان هاوڕان و پێیان وایە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی ئیجابیی درووست دەکات و ٣٢٪ هاوڕا نیین و ١٣٪یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

هەروەها سەبارەت بەوەی (تا چەند هاوڕایت هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی شەففاف و بێخەوش بەڕێوە دەچێت؟)، ٥٤٪ بەشداربووان هاوڕان و پێیان وایە هەڵبژاردنەکە شەففاف و بێخەوش دەبێت، بەڵام ٣١٪ هاوڕا نیین و ١٥٪ی بەشداربووان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.



**دووەم: ئاستی بەشداریی لە هەڵبژاردندا**

**بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا:**

ئەو بەشداربووانەی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان لەگەڵ پڕکراوەتەوە سەبارەت بە بەشدارییکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا **٥٧٪**یان دەڵێن لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بەشدار بووین و **١٢٪** یان لە هەندێک هەڵبژاردندا بەشدارییان کردووە و لە بەشێکیاندا بەشدارییان نەکردووە، هەروەها **٧٪**ی بەشداربووان یەکەمجاریانە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداریی بکەن و **٢٤٪**یش دەڵێن نەخێر بەشدارییمان نەکردووە.

- **بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان**

سەبارەت بە ئاستی بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە سنووری بازنەی پارێزگای هەولێردا، **٦٥٪** بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن بەڵێ بەشداریی دەکەین و **٨٪**ی بەشداربووان بڕیاریان نەداوە و **٢٧٪**ی بەشداربووانیش دەڵێن نەخێر بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین.

هەروەها سەبارەت بە بوونی کارتی بایۆمەتری دەنگدان کە بە پێی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی و ڕێکارەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کراوە بە بنەمای دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان؛ لەو **٦٥٪**ی دەڵێن بەشداریی دەنگدان دەکەین؛ ڕێژەی **١٪**یان کارتی بایۆمەتریی دەنگدانیان نییە و ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت لە ئەگەری لابردنی مەرجی کارتی بایۆمەتریی بۆ دەنگدان؛ ڕێژەیەکی کەم لەوانەی کارتی دەنگدانیان نییە بەشداری دەنگدان دەکەن.

بەڵام بە گشتیی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ٨٦٪یان کارتی بایۆمەتریی دەنگدانیان هەیە و ١٤٪یان ئەو کارتەیان دەرنەکردووە.

- **بەشدارییکردن لەسەر ئاستی گرووپی تەمەن:**

بەگوێرەی گرووپەکانی تەمەن کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کراوە، ٣٧٪ی ئەوانەی بەشداریی دەکەن لە گرووپی تەمەنی ١٨-٢٥ ساڵییدان، هەروەها ٣١٪یان لە گرووپی تەمەنی ٢٦-٣٥ ساڵییدان و ٢٣٪یان لە گرووپی تەمەنی ٣٦-٤٥ ساڵییدان، هەروەها ١١٪یان لە گرووپی تەمەنی ٤٦-٥٥ ساڵیدان، ٦٪ لە نێوان تەمەنی ٥٦-٦٦ ساڵییدان و هەروەها ٢٪یان لەسەروو تەمەنی ٦٦ ساڵییەوە بوون

- **بەشداریی گرووپی تەمەن بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن یان نا:**

بەگوێرەی گرووپەکانی تەمەن کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کراوە، ٣٤٪ی ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن یاخود نا؛ لە گرووپی تەمەنی ١٨-٢٥ ساڵییدان، ٣٣٪ لە گرووپی تەمەنی ٢٦-٣٥ ساڵییدان، ١٩٪ لە گرووپی تەمەنی ٣٦-٤٥ ساڵییدان، هەروەها ١٣٪ یان لە گرووپی تەمەنی ٤٦-٥٥ ساڵییدان، ١٪یشیان لەنێوان تەمەنی ٥٦-٦٦ ساڵییدان. ٢٪شیان لەسەروو تەمەنی ٦٦ ساڵییەوەن.



- **دابەشکاریی گرووپی تەمەن بۆ ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردندا ناکەن:**

بەگوێرەی گرووپەکانی تەمەن کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کراوە، **٣٩٪**ی ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردندا ناکەن لە گرووپی تەمەنی **١٨-٢٥** ساڵییدان، **٣٢٪** لە گرووپی تەمەنی **٢٦-٣٥** ساڵییدان، **١٦٪** لە گرووپی تەمەنی **٣٦-٤٥** ساڵییدان، **٧٪**یان لە گرووپی تەمەنی **٤٦-٥٥** ساڵییدان، **٥٪** لەنێوان تەمەنی **٥٦-٦٦** ساڵییدان، هەروەها **١٪**یشیان لەسەروو تەمەنی **٦٦** ساڵییەوەن.

- **بەشدارییکردن لەسەر ئاستی ڕەگەز:**

لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگای هەولێر، بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن، **٨٧٪**یان لە ڕەگەزی نێرن و **١٣٪**یان لە ڕەگەزی مێن.

- **دابەشکاریی ڕەگەز بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی بکەن:**

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن، **٨٩٪** یان لە ڕەگەزی نێرن و **١١٪**یان لە ڕەگەزی مێن.



- **دابەشکاریی ڕەگەز بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردندا ناکەن؛ **٩١٪**یان لە ڕەگەزی نێرن و **٩٪**یان لە ڕەگەزی مێن.

- **بەشدارییکردن لەسەر ئاستی خوێندن:**

**بەشدارییکردن لەسەر ئاستی خوێندن (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| خوێندەوارییم نییە | ٦٥ | ٨٪ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ٣٣ | ٤٪ |
| سەرەتایی | ٨٧ | ١٠٪ |
| ناوەندیی | ١٧٥ | ٣١٪ |
| ئامادەیی | ١٧٠ | ٣٠٪ |
| پەیمانگە | ١٣٠ | ١٥٪ |
| زانکۆ | ١٦٥ | ١٩٪ |
| ماستەر | ١٦ | ٢٪ |
| دکتۆرا | ٤ | ١٪ |

- **دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە:**

**دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| خوێندەوارییم نییە | ١٢ | ١١٪ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ٣ | ٣٪ |
| سەرەتایی | ١٤ | ١٣٪ |
| ناوەندیی | ٣٧ | ٣٦٪ |
| ئامادەیی | ١٨ | ١٧٪ |
| پەیمانگە | ١٢ | ١١٪ |
| زانکۆ | ١٧ | ١٦٪ |
| ماستەر | ١ | ١٪ |
| دکتۆرا | ٠ | ٠ |

- **دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

**دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی کە بەشداریی دەنگدان ناکەن (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| خوێندەوارییم نییە | ٣٦ | ٪٧ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ١١ | ٪٣ |
| سەرەتایی | ٣٨ | ٪١١ |
| ناوەندیی | ٨٨ | ٪٢٥ |
| ئامادەیی | ٧٩ | ٪٢٢ |
| پەیمانگە | ٥٨ | ٪١٦ |
| زانکۆ | ٥٤ | ٪١٥ |
| زانکۆ | ٥٤ | ٪١٥ |
| ماستەر | ٢ | ٪١ |
| دکتۆرا | ٢ | |

- **بەشدارییکردن بە پێی جۆری پیشە:**

**دابەشکاریی ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان دەکەن (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| بێکار | ٦٦ | ٪٨ |
| کاسب | ٥٠٧ | ٪٦٠ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ١٠٦ | ٪١٣ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٦٣ | ٪٧ |
| خانەنشین | ٣١ | ٪٤ |
| هیتر | ٧١ | ٪٨ |
| دکتۆرا | ٤ | ٪١ |

- **دابەشکاریی لەسەر ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە:**

**دابەشکاریی ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی کە بڕیاریان نەداوە (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| بێکار | ١٠ | ٪١٠ |
| کاسب | ٧٣ | ٪٧٠ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٦ | ٪٦ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٦ | ٪٦ |
| خانەنشین | ٢ | ٪٢ |
| هیتر | ٧ | ٪٧ |

- **دابەشکاریی لەسەر ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

**دابەشکاریی لەسەر ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی**
**بەشداریی دەنگدان ناکەن (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| بێکار | ٣٦ | ٪٧ |
| کاسب | ٣٧٦ | ٪٧٧ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٥ | ٪١ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٣٧ | ٪٧ |
| خانەنشین | ٧ | ٪٢ |
| هیتر | ١٧ | ٪٥ |

- **بەشدارییکردن بەپێی ئاستی بژێویی:**

**بەشدارییکردن لەسەر ئاستی باری بژێویی (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٥٤ | ٦٪ |
| باش | ٣٨٤ | ٤٥٪ |
| مامناوەند | ٣٥٤ | ٤٢٪ |
| خراپ | ٣٣ | ٤٪ |
| زۆرخراپ | ١٥ | ٢٪ |
| بێوەڵام | ٥ | ١٪ |

- **دابەشکاریی لەسەر ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە:**

**دابەشکاریی لەسەر ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی**
**بڕیاریان نەداوە - هەولێر**

| | | |
|---|---|---|
| زۆرباش | ١ | ١٪ |
| باش | ٣٢ | ٣١٪ |
| مامناوەند | ٥١ | ٤٩٪ |
| خراپ | ١٤ | ١٣٪ |
| زۆرخراپ | ٤ | ٤٪ |
| بێوەڵام | ٢ | ٢٪ |

- **دابەشکاریی لەسەر ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

**دابەشکاریی لەسەر ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٢٠ | ٥٪ |
| باش | ١٤٥ | ٤١٪ |
| مامناوەند | ١٥٢ | ٤٠٪ |
| خراپ | ٢٨ | ٨٪ |
| زۆرخراپ | ١٢ | ٣٪ |
| بێوەڵام | ١ | ٠ |

**سێیەم: هۆکارەکانی بەشدارییەکردنی دەنگدەران**

لە ڕاپرسییەکەدا ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو بەشداربووانە کراوە کە بەشداریی ناکەن یان هێشتا بڕیاریان نەداوە و پرسیاریان لێکراوە لە ئەگەری بەشدارییەکردنیاندا لە هەڵبژاردن هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە و پرسیارەکە فرەبژاردە بووەو ١٧٪ی وەڵامەکان متمانەیان بە هەڵبژاردن نییە و ١٢٪ دەڵێن متمانەمان بە پارتە سیاسییەکان نەماوە، ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم خشتەیەدا:

**هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی دەنگدەران (هەولێر)**

| | | |
|---|---|---|
| متمانەم بە هەڵبژاردن نییە | ١٣١ | ١٧٪ |
| متمانەم بە پارتە سیاسییەکان نییە | ٩٤ | ١٢٪ |
| بەڵێنەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ ناکرێن | ٦٠ | ٨٪ |
| کارتی دەنگدانم نییە | ٨٧ | ١١٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێشتر زانراون | ٣٧ | ٪٥ |
| گۆڕانکاریی درووست نابێت | ٨٣ | ٪١١ |
| نەبوونی خزمەتگوزاریی | ٣٩ | ٪٥ |
| دواکەوتنی مووچە | ٤٠ | ٪٥ |
| بێئومێدبووم | ٥٠ | ٪٦ |
| هیچ لیستێکم بەدڵ نییە | ٣٩ | ٪٥ |
| بڕوام بە پرۆسەکە نییە | ٤٨ | ٪٦ |
| وەڵام نادەمەوە | ٥٢ | ٪٧ |

**چوارەم: بنەماکانی بەشداریی دەنگدان لە دیدی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە**

لە ڕاپرسییەکەدا چەند دەربڕینێک ئاراستەی بەشداربووان کراوە بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی بەشداریی دەنگدەران لە دیدی بەشداربووانەوە، ٪٦١ی بەشداربووان هاوڕان لەسەر ئەوەی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەرکی حیزبی بەشداریی دەکەن، ٪٣٢ هاوڕا نیین و ٪٧یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.



بەهەمانشێوە سەبارەت بە کاریگەریی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی وەک هاوڕێیەتی و خزم و عەشیرەت وەک بنەمای دەنگدان، ٪٦٣ بەشداربووان هاوڕان و پێیانوایە دەنگدەران لەسەر پێوەری خزمایەتیی و عەشایەریی و کۆمەڵایەتی بەشداریی دەکەن، ٪٢٧ هاوڕا نیین و ٪١٠ش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.



هەروەها سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بەرنامەی لیستە کێبڕکێکارەکان بۆ هەڵبژاردن؛ ٥٤٪ی بەشداربووان بڕوایان وایە هاوڵاتییان هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی لایەنە سیاسییەکان دەکەن و لەسەر ئەو بنەمایە دەنگ دەدەن، بەڵام ٣٦٪ی بەشداربووان لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدا هاوڕا نیین و دەڵێن دەنگدەران هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی لایەنەکان ناکەن، ١٠٪ش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

بەهەمانشێوە ئەم دەستەواژانە لە ڕاپرسییەکەدا ئاراستەی بەشداربووان کراوە، ٣٣٪ بەشداربووان لەسەر بنەمای ئەرکی حیزبی بەشداریی دەنگدان دەکەن کە دابەشبوون بەسەر (پارتی دیموکراتی کوردستان ٨١٪، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ٦.٥٪، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ٠.٦٪، جووڵانەوەی نەوەی نوێ ٠.٩٪، کۆمەڵی دادگەری کوردستان ٠.٣٪، بزووتنەوەی گۆڕان ٠.٣٪و بەرەی گەل ٠.٩٪)، هەروەها ١٠٪ی بەشداربووان لەسەر بنەمای خزمایەتیی و کۆمەڵایەتی دەنگدەدەن کە بە ڕێژەی زۆر دابەش بوون بەسەر (پارتی دیموکراتی کوردستان ٥٣٪ و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ٦٪)، هەروەها سەبارەت بە بەرنامەی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردن؛ ٣٧٪ی بەشداربووان دەڵێن لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بەرنامەی لایەنەکان دەنگ دەدەین، لەو ڕێژەیەش ٥٦٪یان هێشتا بڕیاریان نەداوە دەنگ بە چ لایەنێک دەدەن، بەڵام ٤٤٪ەکەی تریان دابەشبوون بەسەر هێزە سیاسییەکاندا، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە سەبارەت بە کاندیدەکان هێشتا بڕیاریان نەداوە دەنگ بە چ کاندیدێک بدەن، هەروەها ١٣٪یان دەڵێن جارێ بڕیارمان نەداوە و هێشتا بیریان لێ نەکردۆتەوە لەسەر چ بنەمایەک دەنگ دەدەن، ٣٧٪ پیشیان دەڵێن دەنگ نادەین، کە ئەگەری هەیە بەشێکیان لە ڕۆژی دەنگداندا دەنگی سپی بخەنە سندووقەوە یان دەنگەکانیان بسووتێنن.

**پێنجەم: سەنگی قەوارەو کاندید و هاوپەیمانییەکان لەم هەڵبژاردنەدا (هەولێر)**

| لایەنە کێبڕکێکارەکان | ژ. دەنگی ڕاپرسی | ڕێژە |
|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٠٢ | %٤٣.٨٣ |
| جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥١ | %٥.٥٦ |
| یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٤٠ | %٤.٣٦ |
| بەرەی گەل | ١٤ | %١.٥٢ |
| یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ٦ | %٠.٦٥ |
| هاوپەیمانیی سەردەم | ٣ | %٠.٣٢ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٢ | %٠.١٥ |
| بزووتنەوەی گۆڕان | ٢ | %٠.١٥ |
| هاوپەیمانی نیشتیمانی | ١ | %٠.٠٧ |
| هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | ١ | %٠.٠٧ |
| کاندیدە سەربەخۆکان | ٥ | %٠.٣٨ |
| بڕیارم نەداوە | ٣٥٩ | %٣٩.٤١ |
| دەنگ نادەم | ٣٣ | %٣.٥٩ |

**شەشەم: گۆڕانکاریی لە بیروڕای دەنگدەر بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو (هەولێر)**

| لایەنی سیاسیی | هەڵبژاردنی ڕابردوو | هەڵبژاردنی خ. شەشەم | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | %٤٤.٣٨ | %٤٣.٨٣ | - ٪٠.٥٥ |
| جووڵانەوەی نەوەی نوێ | %٥.٣٤ | %٥.٥٦ | + ٪٠.٢٢ |
| یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | %٥.٨٨ | %٤.٣٦ | - ٪١.٥٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ٪١.١٩ | %٠.٦٥ | - ٪٠.٦٦ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٪٠.٤٣ | %٠.١٥ | - ٪٠.٢٨ |
| بزووتنەوەی گۆڕان | ٪١.٨٥ | %٠.١٥ | - ٪١.٧ |
| لایەنەکانی تر | ٪١٧.٨٨ | ٪٢.٣٩ | - ٪١٥.٤٩ |
| دەنگم نەداوە | ٪٣٣.١١ | ٪٣٧.٧٩ | + ٪٤.٦٨ |

هەروەها سەبارەت بە گۆڕینی بیروڕایان بە دەنگدانیان بە لیستێکی جیاواز لەو لیستەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشتردا دەنگیان پێ داون، ٪٢٤ وەڵامەکان دەڵێن متمانەمان بەو پارتە سیاسییە نەماوە، ٪٢٣ دەڵێن بەڵێنەکانی هەڵبژاردنیان جێبەجێ نەکردووە و ٪٧ دەڵێن بەربژێرەکانیانم بەدڵ نییە، هەروەها ٪٥شیان جاری پێشوو لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی دەنگیان داوە بە بەربژێری ئەو لیستە.

| بژاردە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| متمانەم بەو پارتە سیاسییە نەماوە | ١٠٥ | ٪٢٤ |
| بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی جێبەجێ نەکردووە | ١٠٢ | ٪٢٣ |
| بەربژێرەکانیم بەدڵ نییە | ٢٩ | ٪٧ |
| جاری پێشوو لەسەر بنەمای خزمایەتیی دەنگم داوە | ٢٣ | ٪٥ |
| هیتر | ١٧٨ | ٪٤١ |

**حەوتەم: جۆر و پێوەری ڕەفتاری دەنگدەر بۆ دەنگی لایەنە سیاسییەکان (هەولێر)**

- **دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

| بنەما | | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٨ – ٢٥ ساڵ | ١١٠ | ٪٢٧ |
| | ٢٦ – ٣٥ ساڵ | ١٣٩ | ٪٣٥ |
| | ٣٦ – ٤٥ ساڵ | ٨٥ | ٪٢١ |
| | ٤٦ – ٥٥ ساڵ | ٣٤ | ٪٨ |
| | ٥٦ – ٦٥ ساڵ | ٢٤ | ٪٦ |
| | سەرو ٦٦ ساڵ | ١٠ | ٪٢ |
| ڕەگەز | نێر | ٣٥١ | ٪٨٧ |
| | مێ | ٥١ | ٪١٣ |
| ئاستی خوێندن | خوێندەواریم نییە | ٣٧ | ٪٩ |
| | تەنها خوێندنەوەو نووسین | ١٥ | ٪٤ |
| | سەرەتایی | ٤٦ | ٪١١ |
| | ناوەندیی | ٨٦ | ٪٢١ |
| | ئامادەیی | ٨٢ | ٪٢٠ |
| | پەیمانگا | ٥٤ | ٪١٣ |
| | زانکۆ | ٧٣ | ٪١٨ |
| | ماستەر | ٦ | ٪٢ |
| | دکتۆرا | ٣ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیشە | بێکار | ٣٥ | ٪٩ |
| | کاسب | ٢٢٢ | ٪٥٥ |
| | فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٥٦ | ٪١٤ |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | ٢٦ | ٪٦ |
| | خانەنشین | ٢١ | ٪٥ |
| | هیتر | ٤٢ | ٪١٠ |
| باری بژێویی | زۆرباش | ٤٠ | ٪١٠ |
| | باش | ٢٠٨ | ٪٥٢ |
| | مامناوەند | ١٢٩ | ٪٣٢ |
| | خراپ | ١٦ | ٪٤ |
| | زۆرخراپ | ٧ | ٪٢ |
| | بێوەڵام | ٢ | - |
| دەنگدان لەسەر بنەمای ئەرکی حیزبیی | | ٢٣٨ | ٪٥٩ |
| دەنگدان لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردن | | ٧٨ | ٪١٩ |
| دەنگدان لەسەر پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و عەشیرەت و خزمایەتیی | | ٦٨ | ٪١٧ |

- **دەنگدەرانی جووڵانەوەی نەوەی نوێ:**

| بنەما | | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٨ – ٢٥ ساڵ | ٢٠ | ٪٣٩ |
| | ٢٦ – ٣٥ ساڵ | ٢٢ | ٪٤٣ |
| | ٣٦ – ٤٦ ساڵ | ٧ | ٪١٤ |
| | ٤٦ – ٥٥ ساڵ | ٢ | ٪٤ |
| | ٥٦ – ٦٥ ساڵ | ٠ | ٠ |
| | سەرو ٦٦ ساڵ | ٠ | ٠ |
| ڕەگەز | نێر | ٤١ | ٪٨٠ |
| | مێ | ١٠ | ٪٢٠ |
| ئاستی خوێندن | خوێندەواریم نییە | ٠ | ٠ |
| | تەنها خوێندنەوەو نووسین | ١ | ٪٢ |
| | سەرەتایی | ٢ | ٪٤ |
| | ناوەندیی | ٩ | ٪١٨ |
| | ئامادەیی | ١٠ | ٪٢٠ |
| | پەیمانگا | ١٥ | ٪٣٠ |
| | زانکۆ | ١٤ | ٪٢٨ |
| | ماستەر | ٠ | ٠ |
| | دکتۆرا | ٠ | ٠ |

↓

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیشە | بێکار | ٨ | ١٦٪ |
| | کاسب | ٣١ | ٦١٪ |
| | فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٣ | ٦٪ |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | ٤ | ٨٪ |
| | خانەنشین | ٠ | ٠ |
| | هیتر | ٥ | ١٠٪ |
| باری بژێویی | زۆرباش | ٠ | ٠ |
| | باش | ٢٦ | ٥١٪ |
| | مامناوەند | ٢٢ | ٤٣٪ |
| | خراپ | ٢ | ٤٪ |
| | زۆرخراپ | ٠ | ٠ |
| | بێوەڵام | ١ | ٢٪ |
| دەنگدان لەسەر بنەمای ئەرکی حیزبیی | ٣ | ٦٪ | |
| دەنگدان لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردن | ٤٤ | ٨٦٪ | |
| دەنگدان لەسەر پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و عەشیرەت و خزمایەتیی | ١ | ٢٪ | |

- **دەنگدەرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان:**

| بنەما | | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ١٨ – ٢٥ ساڵ | ٨ | ٪٢٠ |
| | ٢٦ – ٣٥ ساڵ | ٩ | ٪٢٣ |
| | ٣٦ – ٤٥ ساڵ | ١١ | ٪٢٧ |
| | ٤٦ – ٥٥ ساڵ | ٩ | ٪٢٣ |
| | ٥٦ – ٦٥ ساڵ | ٢ | ٪٥ |
| | سەرو ٦٦ ساڵ | ١ | ٪٢ |
| ڕەگەز | نێر | ٣٦ | ٪٩٠ |
| | مێ | ٤ | ٪١٠ |
| ئاستی خوێندن | خوێندەوارییم نییە | ٤ | ٪١٠ |
| | تەنها خوێندنەوەو نووسین | ٢ | ٪٥ |
| | سەرەتایی | ٥ | ٪١٣ |
| | ناوەندیی | ١١ | ٪٢٧ |
| | ئامادەیی | ٩ | ٪٢٣ |
| | پەیمانگا | ٢ | ٪٥ |
| | زانکۆ | ٧ | ٪١٧ |
| | ماستەر | ٠ | ٠ |
| | دکتۆرا | ٠ | ٠ |

↓

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیشە | بێکار | ١ | ٪٢ |
| | کاسب | ١٩ | ٪٥٠ |
| | فەرمانبەری کەرتی گشتی | ١٣ | ٪٣١ |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | ١ | ٪٢ |
| | خانەنشین | ٣ | ٪٧ |
| | هیتر | ٣ | ٪٧ |
| باری بژێویی | زۆرباش | ١ | ٪٢ |
| | باش | ١٨ | ٪٤٥ |
| | مامناوەند | ١٨ | ٪٤٥ |
| | خراپ | ٣ | ٪٧ |
| | زۆرخراپ | ٠ | ٠ |
| | دەنگدان لەسەر بنەمای ئەرکی حیزبیی | ١٩ | ٪٤٨ |
| دەنگدان لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردن | | ١٠ | ٪٢٥ |
| دەنگدان لەسەر پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و عەشیرەت و خزمایەتیی | | ٨ | ٪٢٠ |
| دەنگدان لەسەر پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و عەشیرەت و خزمایەتیی | | ١ | ٪٢ |

**هەشتەم: کاریگەریی هەڵمەتی هەڵبژاردن**

لە ڕاپرسییەکەدا پرسیاری ئەوە ئاراستەی بەشداربووان کراوە کە (لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا چ شتێک لە لایان جێگەی بایەخە؟)، بە پلەی یەکەم چارەسەرکردنی دواکەوتنی مووچە دێت و پاشان دابینکردنی خزمەتگوزاریی و دژایەتییکردنی گەندەڵیی دێت.

| بژاردە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەردانی کۆمەڵایەتی | ١٢٠ | ٤٪ |
| دابینکردنی خزمەتگوزاریی | ٦٤٤ | ٢٣٪ |
| چارەسەرکردنی دواکەوتنی مووچە | ٧٣١ | ٢٧٪ |
| دژایەتییکردنی گەندەڵی | ٦٠٨ | ٢٢٪ |
| دابەشکردنی زەوی | ٢٦٧ | ١٠٪ |
| دابینکردنی قەرزی بانک | ٢٥٢ | ٩٪ |
| هیتر | ١٢٤ | ٥٪ |

هەروەها سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردن؛ ٤٠٪ی بەشداربووان پێیان باشە هەڵمەتی هەڵبژاردنی لایەنەکان پشت بە پلان و بەرنامە ببەستێت، ٥٥٪یان ئاماژە بەوە دەکەن پێویستە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئارام و لەسەرخۆ بێت و بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەڕێوەبچێت، ٢٪ پێی باشە هەڵمەتی هەڵبژاردن توند و گەرم بێت و ٣٪ بەشداربووان هیچ کامیان بە پەسەند نازانن.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپرسییەکەدا؛ بەشێوەی فرەبژاردە، پرسیار لە کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بەشدابووان کراوە، بە جۆرێک چ ئامرازێکی ڕاگەیاندن بە کاریگەر دەزانن لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا؟،

بەشداربووان بە پلەی یەکەم کە ڕێژەی ٥٠٪ دەڵێن سۆشیالمیدیا و لە پلەی دووەمدا تەلەفزیۆنەکان بە کاریگەر دەزانن بەڕێژەی ٣٤٪.

| ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٤١٩ | ٣٤٪ |
| ڕادیۆ | ٩٦ | ٥٪ |
| ڕۆژنامە | ٤٦ | ٣٪ |
| سۆشیاڵمیدیا | ٨٩٠ | ٥٠٪ |
| پۆستەر و ڕیکلامی سەرجادە | ٢٣٧ | ١٣٪ |
| هیچیان | ٧٧ | ٤٪ |
| هیتر | ١٢٤ | ٥٪ |


## چانسی بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی

## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێر:

| لایەنە کێبڕکێکارەکان | ژ. دەنگی ڕاپرسی | ڕێژە | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٠٢ | %٤٣.٨٣ | + ١٥ |
| جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥١ | ٪٥.٥٦ | + ٣ |
| یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٤٠ | %٤.٣٦ | + ١ |
| بەرەی گەل | ١٤ | %١.٥٣ | + ١ |
| یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ٦ | ٪٠.٦٥ | + ٠ |
| هاوپەیمانیی سەردەم | ٣ | ٪٠.٣٣ | + ٠ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٢ | ٪٠.١٥ | + ٠ |
| بزووتنەوەی گۆڕان | ٢ | %٠.١٥ | + ٠ |
| هاوپەیمانیی نیشتیمانی | ١ | %٠.٠٧ | + ٠ |
| هاوپەیمانیی هەرێمی کوردستان | ١ | %٠.٠٧ | + ٠ |
| کاندیدە سەربەخۆکان | ٥ | %٠.٣٨ | + ٠ |
| ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی | ٠ | ٪٠ | + ٠ |
| بڕیارم نەداوە | ٣٥٩ | ٪٣٩.٤١ | ١٣ |

# بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی

بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، سنووری پارێزگای سلێمانی بە هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانەوە وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن دەستنیشان کرا و **٣٨** کورسیی پەرلەمانی بۆ تەرخان کرا، کە دووانیان بۆ پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحیین و **٣٦** کورسییان کورسیی گشتیین، واتا ئەو کاندید و لیستانەی لەو سنوورەدا کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن هەوڵی بردنەوەی کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیە هەڵبژاردنە دەدەن.



**ژمارەی دەنگدەری بایۆمیتری: ١٠٨٧٠٧٣**

**ژمارەی گشتیی دەنگدەران؛ ئەوانەی تەمەنیان سەروو ١٨ ساڵە: ١٤١٥٣٨٨.**

**ڕێژەی دەنگدەری بایۆمیتری: ٧٦,٨٠٪.**

**ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی: ٢٣٢٠٤٣٤.**

**دەرئەنجامی ڕاپرسی:**

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە لە سنووری بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانییدا ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| بژاردە | ڕێژە |
|---|---|
| بەشداریی دەکەم | ٪٥٥ |
| بڕیارم نەداوە | ٪١٤ |
| نەخێر | ٪٣١ |
| جاری پێشوو لەسەر بنەمای خزمایەتیی دەنگم داوە | ٢٣ |
| هیتر | ١٧٨ |

- **ئەنجامی بەدەستهاتوو بۆ قەوارە سیاسییەکان:**

ئەنجامی بەدەستهاتووی ڕاپرسییەکە بۆ کۆی دەنگی لیستەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانییدا وەک لە خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت؛ ٤٧.٩٨٪ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان دەکەن تەواو بڕیاریان داوە دەنگ بە لایەنە سیاسییەکان دەدەن، ٤٨.٦٧٪یان دەنگی خۆڵەمێشیین و بڕیاریان نەداوە دەنگ بە چ لایەنێکی سیاسیی دەدەن، ٣.٣٥٪ دەنگ بە هیچ لایەنێک نادەن و ئەگەری دەنگی پووچەڵ یان دەنگی سپیی دەبێت.

## وردەکاریی دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە لە پارێزگای سلێمانی

- **دابەشکاریی فۆرم:**

لە سنووری پارێزگای سلێمانی ١٤٥٩ فۆرمی ڕاپرسی پڕ کراوەتەوە، دابەشکاریی فۆرمەکان بەسەر ناوچەکانی ڕاپرسییەکەدا بەم شێوەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

**پارێزگای سلێمانی**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی فۆرم |
|---|---|---|
| قەزای سلێمانی | ناوەند | ٥٩٨ |
| | بازیان | ٣٧ |
| | تانجەرۆ/ عەربەت | ٣١ |
| | بەکرەجۆ | ٤٣ |
| شارەزوور | ناوەند | ٣٢ |
| | وارماوا | ٢٣ |
| سەید سادق | ناوەند | ٦٠ |
| | بەرزنجە/ سرۆچک | ٣ |
| پێنجوێن | ناوەند | ٢٢ |
| | ناڵپارێز | ٥ |
| | گەرمک | ٩ |
| شارباژێڕ | ناوەند | ٨ |
| | گاپیلۆن | ٢ |
| ماوەت | ناوەند | ٦ |
| قەرەداخ | ناوەند | ٧ |
| | سێوسێنان | ٢ |

| | | |
|---|---|---|
| دەربەندیخان | ناوەند | ٣٦ |
| کەلار | ناوەند | ٨٥ |
| | پێباز | ١٣ |
| | ڕزگاری | ٣٦ |
| کفری | ناوەند | ٢٠ |
| | سەرقەڵا | ٤ |
| چەمچەماڵ | ناوەند | ٤٢ |
| | تەکیە | ١٧ |
| | شۆڕش | ٢٤ |
| | ئاغجەلەر | ٤ |
| | سەنگاو | ٤ |
| دووکان | ناوەند | ١٠ |
| | پیرەمەگرون | ٢٢ |
| | سووورداش | ٥ |
| | خەلەکان | ٥ |
| | خدران | ٥ |
| | بنگرد | ٥ |
| رانیە | ناوەند | ٧٤ |
| | چوارقوڕنە | ٣٤ |
| | حاجیاوا | ٣٧ |
| | بێتواتە | ١٣ |
| | سەرکەپکان | ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| قەڵادزێ | ناوەند | ٦١ |
| | ژاراوە | ١٠ |
| | ناودەشت | ١٧ |
| | هەڵشۆ | ٣ |
| | هێرۆ | ١ |
| | ئیسێوە | ٢ |
| خانەقین | مەیدان | ٥ |
| کۆی گشتی | ١٤٥٩ | |

- **بایۆگرافیای بەشداربووان:**

**- ڕێژەی بەشداربووان لەسەر ئاستی جوگرافیای نیشتەجێبوون:**

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دابەش بوون بەسەر سێ ئاستی نیشتەجێبووندا کە پێکهاتوون لە: دانیشتووانی ناوەندی شارەکان، شارۆچکەکان و گوندەکان، ئەنجامی ڕاپرسییەکە بەگشتیی لە بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانییدا ئەوە دەردەخات کە ژمارەی بەشداربووان لە ناوەندی شارەکاندا بریتییبوون لە (٩٣٩)، کە دەکاتە ڕێژەی (٦٤٪)، لە شارۆچکەکان (٥١٣) بەشداربوو بەڕێژەی (٣٥٪)، گوندنشینیش (٨) بەڕێژەی نزیکەیی (١٪).

**ڕێژەی بەشداربووان لەسەر ئاستی جوگرافیای نیشتەجێبوون (سلێمانی)**

| جوگرافیای نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| شار | ٩٣٩ | ٪٦٤ |
| شارۆچکە | ٥٢٣ | ٪٣٥ |
| گوند | ٨ | ٪١ |

- **ڕەگەزی بەشداربووان:**

لەم بازنەی هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستاندا؛ ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی نێر بریتیبوون لە (١٠٠٣) بەشداربوو، کە دەکاتە ڕێژەی (٦٩٪)، هەروەها ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی مێ بریتیی بوو لە (٤٥٦) کە دەکاتە ڕێژەی (٣١٪) ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە.

**ڕێژەی بەشداربووان لەسەر بنەمای رەگەز (سلێمانی)**

| ڕەگەز | ڕێژە |
|---|---|
| نێر | ٦٩٪ |
| مێ | ٣١٪ |
| گوند | ٨ |

- **تەمەن:**

تەمەنی بەشداربووان بەسەر چەند گرووپێکی جیاوازدا دابەش کراوە و بەگشتی لە بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانییدا بەم شێوەیە بووە کە لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە:

**ڕوونکردنەوەی گرووپی تەمەنی بەشداربووان (سلێمانی)**

| گرووپی تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١٨-٢٥ ساڵ: | ٣١٨ | ٢٢٪ |
| ٢٦ بۆ ٣٥ ساڵ | ٤٠٦ | ٢٨٪ |
| ٣٦ بۆ ٤٥ ساڵ | ٣٢٣ | ٢٣٪ |
| ٤٦ بۆ ٥٥ ساڵ | ٢٢٧ | ١٥٪ |
| ٥٥ بۆ ٦٥ ساڵ | ١٣٨ | ٩٪ |
| سەروو ٦٦ ساڵ | ٤٧ | ٣٪ |

- **ئاستی خوێندن:**

ئاستی خوێندنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە بازنەی هەڵبژارنی پارێزگای سلێمانییدا بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا پۆلێن کراون وەک لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە:

**ڕوونکردنەوەی بەشداربووان بەگوێرەی ئاستی خوێندن (سلێمانی)**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خوێنەدەوارییم نییە | ١١٦ | ٪٨ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ٦١ | ٪٤ |
| سەرەتایی | ٣١٩ | ٪١٥ |
| ناوەندیی | ٣٦٩ | ٪١٨ |
| ئامادەیی | ٣٨٨ | ٪٣٠ |
| پەیمانگە | ٣٠٩ | ٪١٤ |
| زانکۆ | ٣٧١ | ٪١٩ |
| ماستەر | ٢٤ | ٪٢ |
| دکتۆرا | ٥ | - |

- **پیشە:**

بەهەمانشێوە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بەسەر کار و پیشەی جۆراوجۆردا دابەش بوون، بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە؛ ٪٤٨ی بەشداربووان کاسب بوون، ٪٣١یان بێکارن، هەروەها ٪١٦یشیان فەرمانبەری کەرتی گشتیی بوون بەم شێوەیەی لە خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە.

**ڕوونکردنەوەی پیشەی بەشداربووان**

| جۆری پیشە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بێکار | ٣١٢ | ٪٣١ |
| کاسب | ٧٠٤ | ٪٤٨ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٢٣٣ | ٪١٦ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٩٣ | ٪٦ |
| خانەنشین | ٥٢ | ٪٤ |
| هیتر | ٦٥ | ٪٥ |
| زانکۆ | ٢٧١ | ٪١٩ |
| ماستەر | ٢٤ | ٪٢ |
| دکتۆرا | ٥ | - |

- **باری بژێویی:**

بەهەمانشێوە باری بژێویی بەشداربووان بەگشتیی لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگای سلێمانی پۆلێن کراون بۆ چەند ئاستێک: ٤٤٪ی بەشداربووان باری بژێوییان مامناوەندە و لە خشتەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

**ڕوونکردنەوەی ئاستی بژێویی بەشداربووان (سلێمانی)**

| ئاستی بژێویی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٧٤ | ٪٥ |
| باش | ٤٩٨ | ٪٣٤ |
| مامناوەند | ٦٣٩ | ٪٤٤ |
| خراپ | ١٨٤ | ٪١٣ |
| زۆرخراپ | ٦٤ | ٪٤ |
| بێوەلاّم | ٠ | ٠ |

- **تەوەرەکانی ڕاپرسییەکە:**

**یەکەم: هەڵبژاردن و پرۆسەی گۆڕانکاریی لە ئەدای حکومڕانییدا:**

دروستبوونی گۆڕانکاریی لە ئەدای حکومڕانییدا لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە یەکێک بوو لەو پرسیارانەی ئاراستەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کرا؛ ٣٥٪ بەشداربووان دەڵێن بەڵێ هەڵبژاردن دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاریی لە ئەدای حکومڕانییدا، لەهەمانکاتدا ١٢٪ی بەشداربووان دەڵێن تاڕادەیەک گۆڕانکاریی درووست دەکات، واتا بە کۆی گشتی ٤٧٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئاماژەیان بەوە داوە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی درووستبوونی گۆڕانکاریی، بەڵام ٤٧٪ی بەشداربووان دەڵێن نەخێر هەڵبژاردن گۆڕانکاریی درووست ناکات، تەنیا ٦٪یشیان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

هەر سەبارەت بە تێگەیشتن لە بیروڕای بەشداربووان پەیوەست بە درووستبوونی گۆڕانکاریی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، ١٤٪ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دوای هەڵبژاردنەکان ژیانی هاوڵاتییان باشتر بووە، بەڵام ٧٨٪ی بەشداربووان هاوڕا نیین، ٨٪یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

دەربارەی تێگەیشتن لە گۆڕانکاریی لە ژیانی هاوڵاتییاندا، ٧٤٪ی بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دوای هەڵبژاردن ژیانی هاوڵاتییان خراپتر بووە، و ١٨٪ی بەشداربووان هاوڕا نیین و ٨٪یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان؛ سەرنجی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لەسەر ئەم پرسیارە وەرگیراوە کە (تاچەند هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان جیاوازە و گۆڕانکاریی بەشێوەیەکی ئیجابی لە ئەدای حکوومەتدا درووست دەکات؟)؛ ٤٠٪ی بەشداربووان هاوڕان و پێیانوایە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی ئیجابیی درووست دەکات، ٤٦٪ هاوڕا نیین و ١٤٪یش بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

هەروەها سەبارەت بەوەی (تاچەند هاوڕایت هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی شەففاف و بێخەوش بەڕێوە دەچێت؟)؛ ٣٣٪ بەشداربووان هاوڕان و پێیان وایە هەڵبژاردنەکە شەففاف و بێخەوش دەبێت، بەڵام ٤٤٪ هاوڕا نیین و ٢٣٪ی بەشداربووان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.




**دووەم: ئاستی بەشداریی لە هەڵبژاردندا**

**بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا:**

ئەو بەشداربووانەی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان لەگەڵ پڕکراوەتەوە؛ سەبارەت بە بەشدارییکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ٥٠٪یان دەڵێن لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بەشدار بووین، ٣٢٪یان لە هەندێک هەڵبژاردندا بەشدارییان کردووە و لە بەشێکیاندا بەشدارییان نەکردووە، ٧٪ی بەشداربووان یەکەمجاریانە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداریی بکەن، ٣١٪یش دەڵێن نەخێر بەشدارییمان نەکردووە.

بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

سەبارەت بە ئاستی بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە سنووری بازنەی پارێزگای سلێمانییدا؛ ٥٥٪ بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن بەڵێ بەشداریی دەکەین، ١٤٪ی بەشداربووان بڕیاریان نەداوە و ٣١٪ی بەشداربووانیش دەڵێن نەخێر بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین.

هەروەها سەبارەت بە بوونی کارتی بایۆمەتریی دەنگدان؛ لەو ٥٥٪ی کە دەڵێن بەشداریی دەنگدان دەکەین تەنها شەش بەشداربوویان کە دەکاتە

کەمتر لە ١٪یان کارتی بایۆمەتریی دەنگدانیان نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ئەگەری لابردنی مەرجی کارتی بایۆمەتریی بۆ دەنگدان ڕێژەیەکی کەم لەوانەی کارتی دەنگدانیان نییە بەشداری دەنگدان دەکەن، بەڵام بەگشتیی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ٩٠٪یان کارتی بایۆمەتریی دەنگدانیان هەیە و ١٠٪یان ئەو کارتەیان دەرنەکردووە.

- **بەشدارییکردن لەسەر ئاستی گرووپی تەمەن:**

بەگوێرەی گرووپەکانی تەمەن کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کراوە، ٤١٪ی ئەوانەی بەشداریی دەکەن لە گرووپی تەمەنی ١٨-٢٥ ساڵییدان، هەروەها ٢٥٪ لە گرووپی تەمەنی ٢٦-٣٥ ساڵییدان، ٢٢٪ لە گرووپی تەمەنی ٣٦-٤٥ ساڵییدان، ١٨٪یان لە گرووپی تەمەنی ٤٦-٥٥ ساڵییدان، ١١٪ لەنێوان تەمەنی ٥٦-٦٦ ساڵییدان و هەروەها ٣٪یان لەسەروو تەمەنی ٦٦ ساڵییەوە بوون.

دابەشکاریی گرووپی تەمەن بۆ ئەوانەی کە بڕیاریان نەداوە بەشداریی لە هەڵبژاردن بکەن یان نا:

بەگوێرەی گرووپەکانی تەمەن کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کراوە ١٨٪ی ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی لە هەڵبژاردن دەکەن یان نا لە گرووپی



تەمەنی ١٨-٢٥ ساڵیدان، هەروەها ٢٩٪ لە گرووپی تەمەنی ٢٦-٣٥ ساڵیدان و ٢٢٪ لە گرووپی تەمەنی ٣٦-٤٥ سالیدان و

هەروەها ١٧٪یان لە گرووپی تەمەنی ٤٦-٥٥ ساڵیدان و ١٠٪ لە نێوان تەمەنی ٥٦-٦٦ ساڵدان. هەروەها ٤٪یان لەسەروو تەمەنی ٦٦ ساڵییەوەن.

دابەشکاریی گرووپی تەمەن بۆ ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردن ناکەن:

بەگوێرەی گرووپەکانی تەمەن کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کراوە؛ ٣٦٪ی ئەوانەی بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن لە گرووپی تەمەنی ١٨-٢٥ ساڵییدان، ٣٣٪ لە گرووپی تەمەنی ٢٦-٣٥ ساڵییدان، ٢٣٪ لە گرووپی تەمەنی ٣٦-٤٥ ساڵییدان، ١٣٪یان لە گرووپی تەمەنی ٤٦-٥٥ ساڵییدان، ٦٪ لەنێوان تەمەنی ٥٦-٦٦ ساڵییدان، هەروەها ٢٪یش لەسەروو تەمەنی ٦٦ ساڵییەوەن.

- **بەشدارییکردن لەسەر ئاستی ڕەگەز:**

لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگای سلێمانی، بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن؛ ٦٩٪یان لە ڕەگەزی نێرن و ٣١٪یان لە ڕەگەزی مێن.

دابەشکاریی ڕەگەز بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی بکەن:

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن ٦٢٪یان لە ڕەگەزی نێرن و ٣٨٪یان لە ڕەگەزی مێن.

- **دابەشکاریی ڕەگەز بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئەوانەی بەشداریی لە هەڵبژاردن ناکەن ٧٠٪یان لە ڕەگەزی نێرن و ٢٩٪یان لە ڕەگەزی مێن.



- **بەشدارییکردن بەپێی ئاستی خوێندن:**

**بەشدارییکردن لەسەر ئاستی خوێندن (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| خوێندەوارییم نییە | 62 | 8% |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ٣٥ | ٪٤ |
| سەرەتایی | ١٣٣ | ٪١٧ |
| ناوەندیی | ١٤٩ | ٪١٩ |
| ئامادەیی | ١٥٧ | ٪٢٠ |
| پەیمانگە | ٩٨ | ٪١٣ |
| زانکۆ | ١٤٤ | ٪١٨ |
| ماستەر | ٢٠ | ٪٢ |
| دکتۆرا | ٣ | - |

- **دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە:**

**دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| خوێندەوارییم نییە | ٢٠ | ٪١٠ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ٧ | ٪٣ |
| سەرەتایی | ٢٣ | ٪١١ |
| ناوەندیی | ٣٥ | ٪١٨ |
| ئامادەیی | ٣٩ | ٪٢٠ |
| پەیمانگە | ٤٤ | ٪٢٢ |
| زانکۆ | ٣٠ | ٪١٥ |
| زانکۆ | ٥٤ | ٪١٥ |
| ماستەر | ١ | ٪١ |
| دکتۆرا | ١ | |

- **دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

**دابەشکاریی ئاستی خوێندن بۆ ئەوانەی**
**بەشداریی دەنگدان ناکەن (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| خوێندەوارییم نییە | ٣٣ | ٪٧ |
| تەنها خوێندنەوە و نووسین | ١٩ | ٪٤ |
| سەرەتایی | ٦٤ | ٪١٤ |
| ناوەندیی | ٨٥ | ٪١٩ |
| ئامادەیی | ٩٢ | ٪٢٠ |
| پەیمانگە | ٦٥ | ٪١٤ |
| زانکۆ | ٩٧ | ٪٢١ |
| زانکۆ | ٥٤ | ٪١٥ |
| ماستەر | ٣ | ٪١ |
| دکتۆرا | ١ | |

- **بەشدارییکردن بەپێی جۆری پیشە:**

**دابەشکاریی ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان دەکەن**
**(سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| بێکار | ١٦٧ | ٪٢١ |
| کاسب | ٣٣١ | ٪٤١ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ١٧٦ | ٪٢٢ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٤١ | ٪٥ |
| خانەنشین | ٤٥ | ٪٦ |
| هیتر | ٤٠ | ٪٥ |
| زانکۆ | ٩٧ | ٪٢١ |

- **دابەشکاریی بەپێی جۆری پیشە بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە:**

**دابەشکاریی ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە بەشداریی بکەن (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| بێکار | ٥٥ | ٢٨٪ |
| کاسب | ٩٤ | ٤٧٪ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٢٠ | ١٠٪ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ١٧ | ٨٪ |
| خانەنشین | ١ | - |
| هیتر | ١٣ | ٧٪ |

- **دابەشکاریی بەپێی جۆری پیشە بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

**لەسەر ئاستی پیشە بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| بێکار | ٩٠ | ٢٠٪ |
| کاسب | ٢٧٩ | ٦١٪ |
| فەرمانبەری کەرتی گشتی | ٣٧ | ٨٪ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٣٥ | ٨٪ |
| خانەنشین | ٦ | ١٪ |
| هیتر | ١٢ | ٢٪ |

- **بەشدارییکردن بەپێی ئاستی باری بژێویی:**

**بەشدارییکردن بەپێی  ئاستی باری بژێویی (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٥١ | ٦٪ |
| باش | ٢٨٣ | ٣٥٪ |
| مامناوەند | ٣٦٧ | ٤٦٪ |
| خراپ | ٦٧ | ٨٪ |
| زۆرخراپ | ٣٢ | ٤٪ |
| بێوەلاّم | ٠ | ٠ |

- **دابەشکاریی بەپێی ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە**

**دابەشکاریی بەپێی ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بڕیاریان نەداوە (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٤ | ٢٪ |
| باش | ٧٣ | ٣٦٪ |
| مامناوەند | ٨١ | ٤١٪ |
| خراپ | ٣٨ | ١٩ |
| زۆرخراپ | ٤ | ٢٪ |
| بێوەلاّم | ٠ | ٠ |

- **دابەشکاریی بەپێی ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن:**

**دابەشکاریی لەسەر ئاستی باری بژێویی بۆ ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن (سلێمانی)**

| | | |
|---|---|---|
| زۆرباش | ١٩ | ٤٪ |
| باش | ١٤٢ | ٣١٪ |
| مامناوەند | ١٩١ | ٤٢٪ |
| خراپ | ٧٩ | ١٧٪ |
| زۆرخراپ | ٢٨ | ٦٪ |
| بێوەڵام | ٠ | ٠ |

**سێیەم: هۆکارەکانی بەشدارییەکردنی دەنگدەران:**

